# دوا یادگاری پێڵاوە شڕەکانی بیابان

**ئامانج شاکەلی**




قیڕەی شوومی جاڕچییەکی پێخواس و گومڕای بیابانی نیوەدوورگەی عارەبە، هەزار و چوارسەد ساڵ پێشتر، پەیامی سۆز و ئەڤینی خوا دەشێوێنێت. لۆقەی وشترێکە کیژی چاوشین و کەزی زەردی کوێستانان و سترانی ڕووبار و بزەی بەفر و خەونی ستێرانی سەرزەوینی بە سوپای نەفامی و تاریکی گلاوبوو، بۆ باوەشی چڵێسی ندیوبدییان دەگوێزێتەوە. فتوای ئیمامێکە، لە چرا و شەمدان دەترسێ، زەندەقی لە سێڕەی قەڵەم چووە. شەوانە بەدەم چیرۆکی خوێن و شەهوەتەوە دەنوێ و تا بەیانی دەسلەملانی حۆرییە هەمیشەکچانی بەهەشتە.

چۆڕاوەی برینێکی کێملێهاتووی مێشکێکی برینداره بەسەر سوورەتە پاکژەکانی کەلامی خوای بەخشندە و میهرەباندا دادەچۆڕێت. نوێنێکی بێئاوڕووە، هەر شەوەو نەمامێکی لە لێڕەوار هەڵقەنراوی تێدا بێبن دەکرێت. شیرێکی ساودراوی خوێناوییە لە زەریای کاسەسەری بڕاو و ورگی هەڵدڕاوی ساوایانی ناباڵغدا نەبێ ناسرەوێت.

یادگاریان ئەنفالە لافاوی مەرگ و برووسکەی ترس و هەورەگرمەی پەیامی نەمریی خەیروئوممەیە قیژەی زاڕۆیەکە ژمارەی کانیاوەکانی بەهەشت نازانێ. ناڵەی پیرێکە خەون بە وڵاتی ئەودیوی کاکێشانەوە دەبینێ و سەر و پرچی سەرشاری بەرامەی گوڵەشەوبۆی گەرمیان بەڕەزای شاخانە. زریکەی شوخێکە لەپەنا سێبەری ئاڵای ئەڵڵاهوئەکبەردا ئەتک دەکرێت.

ئەنفالە، کەسەکەم!

چەند بیناز و بێکەس و بێدەرەتانین.

دەمی گڕکانئاسای ئەم بیابانە چەند زل و ئێمەش چەند بچووکین.

ئاسمان بۆ هێندە قووڵ و بێدەنگە؟

ئەم ئازارە بۆ هێندە قورس و بێکۆتاییە؟!

فرمێسکی چاوانم چک بوو، کوا کۆرپەم؟!

قوڕگم نووساوە. خوایە تەنها هاوارێکم پێببەخشە تاکو لەسەر لمی ئەم بیابانە نیگاری کۆست و کەسەرەکەم بکێشم.

هەناسەم دەبێتە کلیپێکی بێتام و ڕەنگ، گیرفانی زڕەشایەرەکانی دەربار هەڵدەئاوسێنێت.

کزانەوەی برینەکانمە بووە بە بابەتی کۆبوونەوە بێکۆتایی و بێئەنجامەکان.

لە هەر کوێیەک کوشکێکی ناز و عیشوە لێچۆڕاوەتان بینی، ئەوە منم.

قژی بۆیەکراوی دەستڕۆیشتوویەکی جقەدەرکردوو لە کوێ بوو، بۆکڕوزی هەناوی من لەوێیە کاسە سەرم. ئێستە شووشە شەرابێکی نایابە دەبێتە شەوچەری شەوە سوورەکانتان.

کلیکی قاسە بە دۆلار و یورۆ سیخناخبووەکان، ئێسکی لوولاقی کۆرپەکەمە.

من خۆری ئاڵا و سنووری دەڤەر و شەرەفی هەمووتانم!

ئەوە منم سەری هەردەم نەوی ئێوەم هەڵبڕی.
ئەوە تۆپە بچووکەکەی دەستی کۆرپە بینازەکەمە بووەتە گوڵدانی سەرمێز و مەمکدانی سۆزانییەکانی باخەڵتان!
ئەوە منم لە دادگای ترسناک ترین بوونەوەردا قریوەم لە سەماگەکان بڕی،
میکرۆفۆنی مزگەوت و زەنگی کڵیساکانم بێدەنگ کرد،
کۆڵەکەکانی ئاسمانم هەژاند،
چی لووتکەی سەختی چیاکانە لە بەرپێمدا کڕنووشیان برد.
تیغی زمانم هەرچی شمشێری عرووبەیە وردوخاشی کردن.
بەسەرهاتی برینەکانم قوڕگی عرووبەی بە قورووشمی هەق ئاخنی.
من سەرلەنوێ دەژێمەوە!
دێمەوە و دەبمەوە داربەڕووە ڕەگقووڵەکەی بناری سەفین!
دێمەوە و تێکەڵ بە شەپۆلانی نەمری سیروان دەبم!
دەبمە گڕکانێکی هەردەم لەسەرپێ و هەر جارەو لووتکەیەک دەکەم بە ماڵ!
دێمەوە، دەچمە سەر دۆندی قەندیل و بانگ دەدەم:
گوێم لێڕادێرن! من پەرچووی پاکژ و بێگەردی خوای ڕاستەقینەم، پەیامی ژیان و ئەڤینم بۆ هێناون!
پەیامی من بە هەناسەی موقەددەسی خوای ئەڤینداران نووسراوە، بۆنی گوڵە بە ئاوی ژیان ئاودراوەکانی بەهەشتی لێدێ.
من چووم و لە خوا پاڕامەوە...، سەروەرم! ئەم جارەیان پەیامەکەت بە باڵی فریشتەکانتدا بۆ یەکە یەکەی ئینسانەکان بنێرە، نەکو ئەم جارەیش نەخوێندەواران پەیامەکەت بشیوێنن!!
تۆ کە تابلۆی بێگەردی ئاسمانت کێشاوە، عەزابونئەلیمت بۆ چییە؟!
تۆ بۆخۆت خالقی کەون و کائیناتی، ئەنفالت بۆ چییە؟!
خوا فەرمووی برۆ کیژم، تۆ ڕۆحی پیرۆزی منی؛ برۆ ئەم جارەیان پەیامی ڕاستیی و ئەڤینلێچۆڕاوی من بە ڕۆڵەکانم بگەیەنە؛ پێیان بڵێ تەنها یەک خوا هەیە: خوای ئەڤین و خوای ئەڤین.